## هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد:

# لەناو یەکێتی دا گۆرانکاری ناکرێت بۆیە هاتینە دەرەوە



**ئامادەکردن: سامان کەریم**

**هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد: سەرۆکی پارتی پێشکەوتنی کوردستان بڕوای بەوە هەیە کە هاوڵاتیانی کوردستان بەرنامەی کارکردنیان دەنگیان پێبدەن، باس لەوەش دەکات کە پارتەکانی لە گەڵ لیستی نەوشیروان لە ئامانجەوە نزیکن بەڵام ئێمە دەمانەوێت لە دەرەوەی یەکێتی گۆڕان بکەین**

**زەنگ: پارتی (پێشکەوتن) چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو حزبانەدا هەیە کە ئێستا لە کوردستاندا بوونیان هەیە؟**

هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد: پارتی پێشکەوتن پارتێکی نوێ و مۆدێرنە، گەر بەرنامەی هەڵبژاردنەکانی لیستی پێشکەوتن بخوێنینەوە بۆت دەرئەکەوێت کەپارتی پێشکەوتن لە یەکەم هەنگاوەوە جیاواز لەحزبەکانی تری گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بیردەکاتەوە. پارتی پێشکەوتن تەنها بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، حزبێکە کە ئامانجی سەرەکی رازیکردنی خەڵک و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانێتی لەپێناو ئەوەی کوردستان ببێتەوە بەموڵکی هاوڵاتییەکانی.

**زەنگ: لە بەرنامەی سیاسیی پارتەکەتاندا کە لە بەرنامەو پەیڕەوەکەدا هاتووە، ئاماژە بە چاکسازی کۆمەڵایەتی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتری و چەند مەسەلەیەکی تری هاوشێوەی ئەوانە دەکەن، ئەو دروشمانە ساڵانێک لەمەوبەر هەموو حزبەکانی تری ئێستای کوردستانیش رایانگەیاندووە، بەڵام کاری پێناکەن، پێتان وانییە خەڵک باوەڕی بەو دروشمانە نەماوە؟**

هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد: ئەو دروشمانەی کە ئێمە بەرزمانکردووەتەوە لە بەرنامەی لیستەکەماندا، کاتمان بۆ داناوە بۆ جێبەجێکردنی، ئەو بەڵێنانەی بەهاوڵاتیانمانداوە لەکاتی دەرچوونماندا لەهەڵبژاردنەکاندا گەر لەماوەی شەش مانگدا نەمانتوانی جێبەجێیان بکەین ئەوا دەستلەکاردەکێشینەوەو کورسییەکانمان بۆ ئەو کەسانە بەجێدەهێڵین کە دەتوانن ئەو بەڵێنانە جێبەجێبکەن. واتە ئێمە کە بەڵێن دەدەین کاتێکیش دیاریدەکەین بۆ جێبەجێکردنی.

**زەنگ: ئێستاش بەشێک لە جەماوەر وای لەیەک ئەدەنەوە، کە راگەیاندنی حزب و راگەیاندنی لیستی سەربەخۆ لەلایەن هەڵۆی ئیبراهیم ئەحمەدەوە گەمەیەکی یەکێتی یە بۆ راکێشانی خەڵکانێکی تر بۆ لای خۆی بە جۆرێکی تری کارکردن؟**

هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد: ئەو پڕوپاگەندانە تەنها لە لایەن ئەو کەسانەوە دروستدەکرێت کە دەیانەوێت لیستەکەی ئێمە ناشرین بکەن. ئەوان بۆ لیستەکەمان ئەو پروپاگەندانەیان دەکرد بەڵام خۆ کاندید کردنم بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەو پروپاگەندانەی نەهێشت و بە درۆی خستەوە.

**زەنگ: ئەکرێت خەڵک بە ڕوونی بزانێت هەڵۆی برایم ئەحمەد کە یەکێکە لە کەسە نزیکەکانی سکرتێری یەکێتی، بۆ لە یەکێتی جیابووەوە، یان دەرکرا، یان دەستی لەکار کێشایەوە؟**

هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد: ئێمە ویستمان لەناو یەکێتی دا گۆڕانکاری بکەین، چەندین جار رەخنەو پێشنیار و نارەزایی ئەندامانی خوارەوەمان گەیاندووەتە سەرەوە بەڵام بێ هوودە بوو. دواتر بزوتنەوەی (یەکبوون)مان لەناو یەکێتی دا دامەزراند هەر بۆ هەمان مەبەست. پاشان گەیشتینە ئەو راستییەی کە لەناو یەکێتی دا گۆرانکاری ناکرێت بۆیە هاتینە دەرەوە و پارتی (پێشکەوتن)مان دامەزراند، کە ئێستا بەلیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانمان کردووە و کاندیدیشمان هەیە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم.

لەخێزانەکەمدا تەنها دایکم پشتگیریم دەکات و پەیوەندی لەگەڵمدا باشە، لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەکەم پەیوەندیم نەماوە، ئەوان دژی جیابونەوەمن لە یەکێتی و بەشداریکردنی سەربەخۆی ئێمەن لە هەڵبژاردنەکاندا.

**زەنگ: کاندیدەکانی ئێوە لە لیستی پێشکەوتن کێن؟ مەبەست ئەوەیە پشتتان بە جۆرە خەڵکانێک بەستووە؟**

هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد: تێکرای تەمەن لەناو کاندیدەکانی لیستی پێشکەوتن دا (٣٢ ساڵ)ە، لیستەکەمان هەموو جۆرە کەسایەتییی و چین و توێژێکی لەخۆ گرتووە. لیستی پێشکەوتن لیستی هەموانە بۆیە دەبێت نوێنەری هەموو چین و توێژەکانی تیادا بێت. لە لیستەکەماندا ئەو کەسانەمان هەڵبژاردووە کە لەکار و شوێنەکانیاندا کەسانی کاریگەرن و لەناو خەڵکدا متمانەیان هەیە.

**زەنگ: بڕواتان وایە، یان با بڵێین بەپێی پێشبینییەکانی خۆتان، چەند کورسی بەدەست دەهێنن؟**

هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد: بڕوامان بە هاوڵاتیانی کوردستان هەیە کە بەرنامەی کارکردنمان ببینن دەنگمان پێدەدەن. بەڵام پێش ئەوەی هیوای سەرکەوتن بخوازین بۆ خۆمان، هیوادارین کە هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی سەرکەوتووانەو بەبێ فرتوفێڵ و دەستێوەردان کۆتای پێ بێت، ئەمەش مانای سەرکەوتنی دیموکراسییە لە هەرێمی کوردستاندا.

**زەنگ: جەنابت یەکێکیت لە کاندیدەکان بۆ سەرۆکی هەرێم، ئەگەر ئەو پۆستەت لە هەڵبژاردندا بردەوەن ئەتەوێت چی بۆ کورد بکەیت؟ مەبەست ئەوەیە سەرەتای هەنگاوەکانت چۆن دەست پێ دەکەیت؟**

هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد: یەکەم کارم دوای هەڵبژاردنم وەک سەرۆکی هەرێم سەردانی گەرمیانە چونکە زۆر پشتگوێ خراوە و تا ئێستا سەرۆکی هەرێم سەردانی نەکردووە.

> یەکەم کارم دوای هەڵبژاردنم وەک سەرۆکی هەرێم سەردانی گەرمیانە چونکە زۆر پشتگوێ خراوە و تا ئێستا سەرۆکی هەرێم سەردانی نەکردووە.

بەرنامەمان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم بەرنامەیەکی تۆکمە و پتەوەو لەکاتی جێبەجێکردنیدا هەرێمی کوردستان دەبێتە نمونەیەک بۆ ئاشتی و دادپەروەری و پێکەوە ژیان و جێبەجێکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ.

دەمانەوێت سەرۆکی هەرێم ببێتە نوێنەری گەل و رۆڵی چاودێر ببینێت بەسەر دامودەزگاکانی حکومەتەوە. هەروەها دەبێت بنەماکانی مافی مرۆڤ کاری پێبکرێت و سزای لەسێدارەدان نەهێڵرێت.

سەرۆکی هەرێم دەبێت بێ جیاوازی سەردانی هەموو ناوچەکانی کوردستان بکات، هەروەها لیژنەی تایبەت پێکبهێنێت بۆ داواکارییەکانی هاوڵاتیان و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو بەرپرسانەی گەندەڵی دەکەن.

هەروەها پەیوەندی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پەرە پێدەدەین و بە زمانێکی نوێوە لەگەڵ بەغدا دەدوێین و کێشەکان چارەسەر دەکەین بە تایبەتی کێشەی کەرکوک و گرێبەستە نەوتییەکان.

گرنگییەکی زیاتر بەگەنجان دەدەین و هەلی کاری زیاتر دەرەخسێنین، هەروەها داواکارییەکانی سەرجەم کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان جێبەجێدەکەین.

**زەنگ: بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و خەرجییەکانی تریش، پشتتان بە چ سەرچاوەیەکی دارایی بەستووە؟**

هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد: ئێمە پارتێکی کەم مەسرەفین و بۆ سەرچاوەی داراییمان پشت بەخۆمان دەبەستین و پارە لەگیرفانی خۆمان و لایەنگرەکانمان بۆ حزبەکەمان و پروپاگەندەی هەڵبژاردن سەرفدەکەین.

**زەنگ: هیچ نزیکایەتییەک نییە لەنێوان لیستەکەی ئێوەوە لیستەکەی نەوشیروان مستەفادا، بەو پێیەی هەردوولاتان بانگەشەی ئۆپۆزسیۆن بوون و سەربەخۆیی دەکەن؟**

هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد: راستە کەئامانجی باڵی ریفۆرم و ئێمە لەیەکەوە نزیکن، ئەویش چاکسازی و گۆرانکاری یە، بەڵام باڵی ریفۆرم بنکەیەکی جەماوەری بەهێزی هەیە لەناو یەکێتی دا و ئەوان دەیانەوێت لەناو یەکێتی دا گۆران بکەن.

ئێمە بە باشترمان زانی لەیەکێتی بێینە دەرەوە چونکە هاوشێوەی باڵی ریفۆرم بنکەی جەماوەی بەهێزمان نییە لەناو یەکێتی دا، ئێمە زیاتر لەناو گەنج و خوێندکارو جەماوەری دەرەوەی حزبەکان لایەنگرمان هەیە، دەمانەوێت حزبێکی نوێ و مۆدێرن بهێنینە گۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستانەوەو داکۆکیکاری مافە پێشێلکراوەکانی هاوڵاتیانی هەرێم بین.



*دکتۆر هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەساڵی ١٩٥١ لە دایکبووی کەرکوکە.
*دکتۆرای هەیە لە بواری کۆمپیوتەردا.
*لە ساڵی ١٩٩١ رێکخراوی "شیلتەر" بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستانی دامەزراندووە.
* لە ساڵی ٢٠٠٨ ئاراستەی یەکبونی دامەزراند و دواتر لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان جیابووەوە و پارتی پێشکەوتنی دامەزراند.

## کەریم بەحری ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان:

# لێدوانەکانی شەهرستانی هۆکاری سیاسیی لە پشتەوەیە

**ئامادەکردن: بێستون سەلام**

**کەریم بەحری ئەندام لە پەرلەمانی کوردستان باس لەوە دەکات کە بە هۆی ئەو یاسایە کۆنەی حکومەتی عێراقەوە مامەڵە لە گەڵ نەوتی کوردستاندا دەکرێت ئاماژە بەوش دەکات بەهۆی ئەوەی یاسایی وێ دەرنەچووە بە نەوت و غاز کوردستان بۆی هەیە گەرانی نەوت بکات تا ئەو کاتەی یاساکە پەسەند دەکرێت.**

دوای ململانێیکی زۆر لە گەڵ حکومەتی عێراقیدا و بە تایبەت وەزیری نەوتی عێراق حوسێن شەهرستانی سەرەنجام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای ئەم مانگەدا بۆ یەکەمجار لە رێگای بەندەری جیهانی تورکییەوە نەوتی خۆی نارده دەرەوە.

ژمارەی ئەو گرێبەستانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردوویەتی نزیکەی بیست گرێبەست دەبن بەڵام بە پێی وتەکانی شەهرستانی ئەو گرێبەستان هیچ یاسای نین سەرۆکی حکومەتی هەرێمیش دەڵێت ئێمە هیچ بەهایەک بۆ قسەکانی شەهرستانی دانانێین.

کەریم بەحری بۆ زیاتر جەختکردنەوە لە سەر قسەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و وەڵامدانەوەی لێدوانەکانی شەهرستانی وتی:" گرێبەستەکان هەر هەمووی یاساین بە پێی ئەو مادانە چونکە تا ئێستا یاسایی نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق هەموارنەکراوە".

لە کۆنگریەیەکی رۆژنامەنووسیدا حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق باسی لەوە کرد کە ئەو حکومەتی هەرێمی کوردستان یاساین، ئەوەی شەهرستانی وتوویەتی لە گەڵ مالێکی ئەوە دەچێتە بواری فشاری سیاسیەوە، تا ئێستا یاسایەکیان دەرنەکردووە کەواتە ئەو یاسایە دەرنەکەن ئەو قسانەی ئەوان ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە".

کەریم بەحری باس لەوەش ئەکات کە حکومەتی عێراقی بە شێوەیەکی (چێر بەچێر) وەک خۆی ناوی لێنا رازی بوونە لە ناردنە دەرەوەی

> دەبێت لە پارەی ئەو نەوتە خەرجی ئەو کۆمپانیانە بدرێت نەک لە پشکی ١٧%

گرێبەستانەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت ئیمزای کردون، پێویستیان بە پەسەندکردن هەیە لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە، تاوەکو وەزارەتی نەوت ئیمزا لەسەر ئەو گرێبەستانە نەکات، ئەوا بە نایاسایی لەقەڵەم دەدرێن..

لە وەڵامی ئەو لێدوانەی شەهرستانیدا ئەو ئەندام پەرلەمانەی کوردستانی وتی:" گرێبەستەکانی نەوتی هەرێم سەبارەت بە رای روونتری ئەو قسەیەی روونکردنەوەی زیاتریدا وتی:"حکومەتی عێراقی ئەگەر بەئاشکراش ئەوە نەڵێت کە گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێم یاسایی نین، ئەو لە چێرەوە یان بە واتایەکی تر رازی بوون لە ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم جۆرێکە لە رازی بوون لە سەر گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان بۆیە گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم فەرمی و یاساین".

شەهرستانی لە بەشێکی تری ئەو کۆنگرەیەدا راگەیاند کە وەزارەتی نەوت پارەی ئەو کۆمپانیا بیانییانە نادات کە لە کێڵگە نەوتییەکانی تەق تەق و تاوکیدا کاریان کردوە، بەڵکو پێویستە خودی حکومەتی هەرێم لە پشکی ١٧%ی بودجەی عێراق کە ساڵانە بۆ هەرێم تەرخاندەکرێت، پارەی کۆمپانیا بیانییەکان بدات..

ئەو ئەندام پەرلەمانەی وتیشی:"جارێ ئەو کێشەیە ماوە تاکو نەوتی هەرێمی دەچێتە دەرەوە لە داهاتی پارەی ئەو نەوتە پارەی ئەو کۆمپانیانەی لێدەدرێت، دەبێتە لەو گرێبەستە لە پارەی ئەو نەوتە خەرجی ئەو کۆمپانیانە بدرێت نە لە پشکی ١٧% کە".

کەریم بەحریش باس لەوەش دەکات کە کوردستان بە پێی ئەو رێژە نەوتییە کە دەچێتە خەزینەی حکومەت، بیچگومان تا نەوتت زیاتر بێت پشکی زیاترت بەردەکەوێت دەڵێت:" ئێمە زیاتر لە رووی نێودەوڵەتییەوە جیگای خۆمان دەکەینەوە تا لە رووی ئابووریەوەچونکە یکەی کورد قایمتر دەبیت، جگە لەو ١٧% بڕیاردار کە ئەو شوێنەی کە نەوتەکەی لێوە دەردەچینن لەهەر بەرمیلێک نیو دۆلاری بۆ دانیشتووانەکانی خەرج ئەکرێت".

